Fachhochschule Nordwestschweiz
Pädagogische Hochschule

# ESKE

## Ermittlung schulsprachlicher Kompetenzen in der Erstsprache

# KURDISCH SORANI

## Aufgabenset 5 bis 6 Jahre Schulerfahrung

© Pädagogische Hochschule FHNW 2018

Professur Deutschdidaktik und Mehrsprachigkeit im Kindesalter

Mathilde Gyger & Ursula Ritzau

ئەرکەکان ( ڕاهێنانەکان )

١ به دەنگی بەرز ئەم نوسینەی خوارەوە بخوێنەرەوە:



دوپشك ئەندامێکه لە خێزانی جاڵجاڵۆکه.

لە وڵاتە گەرمەکاندا پەنجە کردن بە کونە دیوار و بە نێوان بەردەکاندا بیرۆکەیەکی ژیرانە نییە. هەر پێڵاوێك بۆ ماوەیەکی زۆر بەکار نەهێنرابن، دەبێت سەرەوخوار جوان بتەکێنرێن، نەبا شتێك خۆی لە ناویاندا حەشار دابێت.
دوپشکەکان حەزیان لە ڕوناکی نیە، بۆیە بە درێژایی ڕۆژ خۆیان لە کون و کەلەبەر و شوێنە تاریکەکاندا دەشارنەوە. دوپشك لە گشت وڵاتە گەرمەکانی جیهاندا هەن، بەڵام پیاو بە دەگمەن دەیان بینێت.

کاریگەری پێوەدانەکانیان دەگاتە ڕادەی مردن.
هەرچەندە زۆربەی جۆرەکانی دوپشك پێوەدانەکانیان بۆ مرۆڤ کوشندە نین، بەڵام دەشێت ژەهری هەندێکانیان زۆر بەهێز بێت.
بە گوێرەی جورەکانیان درێژییەکەیان لە سانتیمەترێکەوە بۆ بیست و یەك سانتیمەتر دەبێت. هەمو جۆرەکانیان خاوەنی چزویەکی ژەهراوین لە کۆتایی کلکیاندا. کاتێ دوپشك دەیەوێت نێچیرەکەی بکوژێت، بە جنگۆڵەکانی نێچیرەکەی دەگرێ و کلکی بەسەر پشتی خۆیدا دەچەمێنێتەوەو چزوەکەی دەکات بە گیانی نێچیرەکەیداو ژهرە کوشندەکەی دەکاتە جەستەیەوە. دوپشك کاتێ ترسی لێدەنیشێ بە خێرایی بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە تا بتوانێ چزوەکەی هەردەم ئاڕاستەی دوژمنەکەی بکات.
دوپشکەکان شەوان ڕاوی جاڵجاڵۆکەی گەورە و مێروە زیانبەخشەکان دەکەن. لە تاریکی شەودا سەرەتا بە چنگۆڵەکوتان دەیان دۆزنەوەو توند دەیانگرن و ئەوجا بە چزوە ژەراوییەکەیان دەیان کوژن.



© 2018 Pädagogische Hochschule Fachhochschule Nordwestschweiz
IKU Prof. Deutschdidaktik und Mehrsprachigkeit im Kindesalter

٢ دەقی ڕاهێنانی ١ و ئەم وتانەی خوارەوە بخوێنەرەوە، پاشان دەستەواژەی ڕاستە یان هەڵەیە لە بەرامبەریان هەڵبژێرە.

١ـ دوپشك حەزیان بە تاریكیە.
☐ڕاستە
☐ هەڵەیە

٢ـ هەمو جورەكانی دوپشك بۆ مرۆڤ كوشندەن
☐ڕاستە
☐ هەڵەیە

٣ـ قەبارەی هەمو جۆرەكانی دوپشك وەك یەكن
☐ڕاستە
☐ هەڵەیە

٤ـ دوپشكەكان بە چنگۆڵەكانیان نێچیرەكانیان دەگرن
☐ڕاستە
☐ هەڵەیە



© 2018 Pädagogische Hochschule Fachhochschule Nordwestschweiz
IKU Prof. Deutschdidaktik und Mehrsprachigkeit im Kindesalter

٣ ڕونی بکەرەوە، دەقی نوسراوی ڕاهێنانی ١ باسی لە چی دەکات.



© 2018 Pädagogische Hochschule Fachhochschule Nordwestschweiz
IKU Prof. Deutschdidaktik und Mehrsprachigkeit im Kindesalter

٤ لە دەقە نوسراوەکەی ڕاهێنانی ١ دا هاتوە، کە مرۆڤ پێویستە پێڵاوەکانی بتەکێنێت. بۆچی پێویستە مرۆڤ ئەوە بکات؟ بۆ چێ تۆش لەگەڵ ئەو کارە دای؟



© 2018 Pädagogische Hochschule Fachhochschule Nordwestschweiz
IKU Prof. Deutschdidaktik und Mehrsprachigkeit im Kindesalter

٥ کام لەم پێشبڕکێیانەی لای خوارەوە لە ڕۆژی تەڕوتوشیدا بە ڕێوە ناچن؟ بازنەیەك بە دەوری دەقە گونجاوەکەدا بکێشە.

ا پێشبڕکێی کارتۆنە شیر دەشێ ژیانێکی تەندروست ببەخشێت. مەرجەکانی بەشداریکردن تێیدا تەنها پاڵنانە بە ئامێری گوستنەوەیەکەوە کە لە کارتۆنی شیری بەتاڵ دروستکرابێ بە سەر ئاودا تا گەیشتن بەشوێنی ئامانج.

---

ب پێشبڕکێی بانیۆمی گەرماو ٥٠ ساڵە بەڕێوە دەچێت. درێژی پێشبڕکێکە ٥٨ کیلۆمەترە و گەلێ ڕێوشوێنی سەلامەتی تێدا دەگیرێتەبەر. ئامێری گوستنەوەکان دەبێ هەمو قەبارەو شێوەی بانیومی مۆدێلە کۆنەکانیان هەبێت.

---

ج پێشبڕکێی ڕوباری وشك بە ناو ڕوبارێکی وشکبوودا دەکرێت. جارێکیان نەتوانرا بکرێت، چونکە ڕوبارەکە تەواو وشکی نەکردبوو هێشتا ئاوی بەناودا دەڕۆشت. بەلەمەکان بنیان نیەو بەشدارەکان بە ناوقەدیانەوە هەڵیان دەگرن.

---

د پێشبڕکێی بەلەمی قوتوی ساردی ساڵانە ڕك دەخرێت. بەلەمەکان لە قوتوی ساردی بەتاڵ دروست دەکرێن و بە مۆتۆڕ بە گەڕدەخرێن. زۆربەیان هەر لە سەرەتای پێشبڕکێکەوە تێکدەشکێن و دیمەنەکانیان خۆشی دەبەخشنە تەماشاوانان.



© 2018 Pädagogische Hochschule Fachhochschule Nordwestschweiz
IKU Prof. Deutschdidaktik und Mehrsprachigkeit im Kindesalter

٦ سەیری ئەم نەخشەیە بکەو وەڵامی پرسیارەکان بدەرەوە:




ا کام لەم شوێنانە نزیکترینە لە بەندەرەکەوە؟
☐ شارەکـە
☐ زێـیـەکە.
☐ کێڵگەکە.

ب کام لەم شوێنانە دەکەوێتە باکور.
☐ فڕۆکەخانەکە.
☐ دارستانەکە.
☐ کێڵگەکە.

ج گەر تۆ لە ناو شارەکەوە بەرەو زێیەکـە بـڕۆیـت، دەبێ بەرەو کام ئاڕاستە بڕۆیت؟
☐ بەرەو باکور.
☐ بەرەو رۆژئاوا.
☐ بەرەو رۆژهەڵات.

د وادانێ ئەتەوێ بە پێ گەشتێك بەناو دورگەکەدا بکەیت. بەپێی ئەم ڕێنومایيانە بڕۆ:
- لە گوندەکەوە دەس پێبکە.
- بە سەر شەقامەکەدا بڕۆ بەرەو بەندەرەکە.
- لە فولکەی دوهەمدا ئاڕاستەت بگۆڕە بەرەو لای چەپ.
- بڕۆ تا کۆتایی شەقامەکە.
- ئێستا لە کوێ خۆت دەبینیتەوە؟

☐ لە وێستگەی شەمەندەفەر.
☐ لە ناو شارەکە.
☐ لە بەندەرەکە.



© 2018 Pädagogische Hochschule Fachhochschule Nordwestschweiz
IKU Prof. Deutschdidaktik und Mehrsprachigkeit im Kindesalter

٧ بەدەنگی بەرز بیخوێنەرەوە:

**بوشباڵ**

تا ئێستا بیستیاری یاری بوشباڵ بویت؟ ئەم یارییە یەکبڕینێکە لە یاری تۆپی پێ و یاری گوڵف. براوەی یاریەکە ئەوەیە، کە بەکەم ترین شوت تۆپێك کە بە جێگیری لە خاڵێکی سەر زەویەکی سروستیدا دانراوە، ئاڵایەك بپێکێت کە وەك نیشانە کرواوە بە دارێکەوە و پێشتر بۆ ئەو یارییە لە خالێکی زەوییەکەدا دەچەقێندرێت. بەلایەنی کەمەوە دەبێ دوو کەس لەو یارییەدا بەشداربن. سەرەتا بەشدارێکیان داری ئاڵاکە لە خاڵێکی سەر زەویەکە دەچەقێنێ و بەشدارانی تر یەك لەدوای یەك بۆ بردنەوەی یارییەکە بە کەمترین شوت بە تۆپەکە هەوڵدەدە نیشانەکە بپێکن. بۆ هەر بەشدارێك ژمارەی شوتەکانی تا پێکانی نیشانەکە هەژماردەکرێت. هەر بەشدارێکیش بۆی نیە زیاد لە ٩ شوت بهاوێژێت. هەرگێمێك بەوە تەواو دەبێت کاتێك هەر بەشداربویەك جارێك داری ئاڵاکەی چەقاندبێت. بەشداربوەکان دەسنیشانی دەکەن یارییەکە بە چەند گێم تەواو دەبێت.



© 2018 Pädagogische Hochschule Fachhochschule Nordwestschweiz
IKU Prof. Deutschdidaktik und Mehrsprachigkeit im Kindesalter

٨ دەقی نوسراوی ڕاهێنانی ٧ بخوێنەرەوە و دەسنیشانی وەڵامە ڕاستەکان بکە.

١. دەقەکە نوسراوەکە دەربارەی چیە؟
☐ دەقەکە باسی جیاوازی نێوان تۆپی پێ و گۆڵف دەکات.
☐ دەقەکە باسی یاساکانی یاری بوشباڵ دەکات.
☐ دەقەکە باسی ئاڵایەکی تایبەت دەکات.
☐ دەقەکە باسی ئەوە دەکات، ئاڵاکە بۆ چی بەکاردێت.

٢.. لە یاری بوشباڵدا بەشداربوان دەبێ چ نیشانەیەك بپێکن؟
☐ ئەو بەشدارەی ئاڵاکە هەڵدەگرێ.
☐ ئەو ئاڵایەی، کە بەشدارێك بەدەستیەوە دەیگرێت.
☐ ئەو ئاڵایەی لە زەویەکەدا دەچەقێندرێت.
☐ بردنی تۆپەکە بە نێوان دو ئاڵادا، کە لە زەوییەکەدا دەچەقێندرێن.

٣.. چی هەژمار دەکرێت بۆ بردنەوەی یارییەکە؟
☐ ژمارەی ئەو کەڕەتانەی تۆپەکە نیشانەکە دەپێکێت.
☐ ژمارەی گێمەکان.
☐ بەشداربوەکان بڕیار دەدەن چی هەژمار دەکرێت.
☐ ژمارەی ئەو شوتانەی هەر بەشدارێك، تا تۆپەکە نیشانەکە دەپێکێت.

٤.. ئەو دو یارییە کامانەن کە بوشباڵە پەیوەستە پێیانەوە؟
☐ گۆڵف و تێنس.
☐ تۆپی پێ و گۆڵف.
☐ تۆپێ دەست و تۆپی پێ.
☐ گۆڵف و تۆپی دەست.

٥.. هەر گێمێك کەی تەوا ئەبێت؟ کاتێ هەمو بەشداربوەکان جارێك .....
☐ داری ئاڵاکەیان چەقاندبێت.
☐ نیشانەکەیان پێکابێت.
☐ شوتیان لە تۆپەکە هەڵدابێت.
☐ بەشدارەکانی تریان پێکابێت.

٦.. مەبەست چیە لە " یەکبڕینێك لە تۆپی پێ و گۆڵف"؟
☐ یاریەکە لە یەکبڕینی دوشەقامدا دەکرێت.
☐ لە یەك کاتدا یاری تۆپی پێ و گۆڵف پێکەوە دەکرێن.
☐ یاریەکە بڕێك بە تۆپی پێ و بڕێك بە گۆڵف دەچێت.
☐ گروپێك یاری تۆپی پێ و گروپێکی تر یاری گۆڵف دەکەن.



© 2018 Pädagogische Hochschule Fachhochschule Nordwestschweiz
IKU Prof. Deutschdidaktik und Mehrsprachigkeit im Kindesalter

٩ هاوڕێیەکی کچ یان هاوڕێیەکی کوڕی خۆت بهێنە پێش چاوت. لێرەدا باسی چۆنیەتی بەستنی هاوڕێیەتیتان بکە، بۆچی هاوڕێ کچەکەت یان هاوڕێ کوڕەکەتت بە دڵە، هاوڕێیەتی چی دەگەیەنێ بۆ تۆ؟

| |
|---|
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |
| |



© 2018 Pädagogische Hochschule Fachhochschule Nordwestschweiz
IKU Prof. Deutschdidaktik und Mehrsprachigkeit im Kindesalter